بە فڕۆکەی بۆمبکەوانی کە هێشتا نازانرێت سەربە چ لایەنێکن هێرشکرایەسەر بنکەی سەربازیی ئەمریکا تەنەف

بە فڕۆکەی بۆمبکەوانی جۆری "کامیکازا" کە هێشتا نازانرێت سەربە چ لایەنێکن هێرشکرایەسەر بنکەی سەربازیی ئەمریکا تەنەف.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە دەستکەوتووە، دەوروبەری کاتژمێر 10:30ی شەوی ڕابردوو یەکشەممە، بە فڕۆکەی بۆمبکەوانی جۆری کامیکازا کە نازانرێت سەربە چ لایەنێک بووە هێرشکراوەتە سەر کەگەی نەوتی "عومەر" لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە پارێزگای دێرزوور لە ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا.

لەدوای هێرشەکە زێنگی ئاگادارکردنەوە لە بنکەکە لەدراو فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بە ئاسمانی ناوچەکەدا فڕینیان ئەنجامدا، پاشان هێزەکانی ئەمریکا لە کەگەی نەوتی عومەرەوە بە تێپهاوێژ گوندەکانی هەشام، جافرا، حەویجە و مرەییەیان لە ڕۆژئاوای ڕووباری فورات بەردوومان کرد کە گرووپە چەکدارەکانی سەربە ئێران تێدا جێگیرن.

لەلایەکی دیکەوە، زیاتر لە جارێک بە فڕۆکەی بۆمبکەوانی کامیکازا هێرش کرایە سەر بنکەی تەنەفی ئەمریکا لە ناوچەی بیابانی پارێزگای حومس، هاوکات بەشێک لە فڕۆکە بۆمبکەوانەکان بەبێ ئەوەی بە ئامانج بگەن لەلایەن سیستمی بەرگریی ئاسمانیی بنکەکەوە خرانە خوارەوە و ژمارەیەکی نەناسراوی

فککی بفککوانیش بر بنککک کوتوون.